# خوێندنەوەیەک بۆ دەقی وێڵبوون

**بابانی شەن**
**(چەمچەماڵ)**

ئـەم دەقـەی ئەمیـر ئەمیـن، یەکێکـە لـەو دەقانـەی گوزارشـت لـە «تراژیدیـای بـوون» و «شکسـتی ئینسـان»ی ئـەم سـەردەمە، لەبـەردەم گەورەیـی خەونـەکان و ڕەقیـی واقیعـدا دەکات، لێـرەدا بـە چەنـد ڕەهەندێـک لێکـی دەدەینـەوە:

**١. نۆستالژیا و گەڕان بەدوای «بنچینە»دا**

لـە ڕوانگـەی تیـۆری و شـیکاریی دەروونییـەوە، دایک لـەم شـیعرەدا تەنیـا بکەرێکـی بایۆلـۆژی نییـە، بەڵکوو هێمایـە بـۆ «ڕەگ و بنچینـە»، دایک سـەنتەری بیرکردنـەوە و بەردەوامـی و گەڕانـی شـاعیرە بەنێـو نیشـتمان و دنیاشـدا، نووسـەر لە دۆخی نۆسـتالژیادایە، بـۆ کاتێـک کـە دایـک تێیـدا چەقـی گـەردوون بـووە.

کاتێـک دەڵێـت: «سـوارچاکێکم دوای خەونـی نەمریـی کەوتـم»، ئاماژەیـە بـۆ تێکشـکانی ئـەو مەزنییـەی مـرۆڤ، بـە وەهـم بەدوایـدا دەگەڕێـت، لێـرەدا دەتوانیـن وەک پەناگەیـەک لـە دەسـت ئازارەکانی ئێسـتا ئامـاژە بـە چەمکی «نۆسـتالژیا» بکەیـن، (فرۆید، وێنەگـەی فەلسـەفە و دەروونناسـی). دەڵێـت: ئەمـە پێکدادانی نێوان «خەیاڵـی پاڵەوانانە» و «واقیعـی پووچگەرایی»یـە.

**٢. فەلسەفەی بێهودەیی و مرۆڤی سیزیفی**

لایەنێکـی تـری ئـەم شـیعرە درکاندنی فەلسـەفەی بێهودەییـە. شـاعیر دەڵێـت: «وا هـەر دەڕۆم و هەرگیـز ناگـەم»، ئەمـە گەوهـەری بێهودەییـە کـە ئەلبێـر کامـو لـە کتێبـی «ئەفسـانەی سـیزیف»دا باسـی دەکات و مرۆڤـی مۆدێـرن هەمیشـە لـە ڕێگەدایـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێکـی نادیـار، بـەڵام تەنیـا شـتێک کـە دەسـتی دەکەوێـت «سـووتوو» و «پەشـیمانی»یە. دەقەکـە لەبـەردەم گەورەیـی «دایـک»دا بـاس لـە شکسـتی «سـوارچاک» دەکات، شـاعیر دەڵێـت: «ڕۆژگار نەیکـردم بـە پیـاو، نەتوانیـم هێنـدەی ژنبوونـی تـۆ گەورەبـم».

**٣. ڕەهەندی مرۆڤدۆستی و پرسی (ئەوی تر)**

یەکێکـی تـر لـە جوانتریـن ڕەهەندەکانـی ئـەم دەقـە، مامەڵەکردنـە لەگـەڵ چەمکـی «دوژمـن». لێـرەدا سنووره دەسـتکردەکان دەبەزێنێـت و دوژمـن وەک «مرۆڤێکـی هاوشـێوەی خـۆی» دەبینێـت، کـە



**ئەمیر ئەمین**

ئەویش دایکی هەیە و ئەویش دەگریت، ئەمە لەگەڵ فەلسەفەی ئێکزیستانسیالیزم هاوتەریبە کە مرۆڤ بەرانبەر ئەوانی دی (ویکیپیدیا، ئێکزیستانسیالیزم) بە بەرپرسیار دەزانێت. ئەم پارادۆکسە نیشانی دەدات کە جەنگ چەندە کردەیەکی بێ مانا و «دژە مرۆڤ»ـە. بەشێکی شیعرەکە ئاماژەیەکی ڕوونە بە ئەدەبیاتی بەرەنگاری، چونکە لە ڕوانگەی شاعیرەوە سەربازی بەرانبەر، جگە لە قوربانییەک کە لەلایەن سیستمە گەورەکانی داگیرکارییەوە ئاڕاستە دەکرێت، هیچیتر نییە، بۆیە لەگەڵ دوژمندا دۆنای دۆن بەشوێن و پێگەی خۆی دەگات و دەیەوێت پەیامێکمان پێ بدات کە ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤەکان با لە سەنگەری یەکتریشدا بن، هێشتا دەتوانن بیربکەنەوە و شتە جوانەکانی خۆیان لەبری گوللە هاوبەشی پێ بکەن، شاعیر بیرکرنەوەیەکی وینڤێرساڵیانەی بۆ مرۆڤایەتی هەیە و نایەوێت لە هیچ دۆخێدا دەستبەرداری بیرکردنەوەی مرۆڤگەرایانەی خۆی ببێت .

**٤. وێنەسازیی تراژیدی و (وشە تەڕەکان)**

شاعیر «شیعر» وەک چاڵێک بۆ شاردنەوەی پەیامەکانی دەبینێت، ئەو دەزانێت زمان باشترین سەنگەر و حەشارگەیەکە کەدەتوانێت مێژوو و فەرهەنگ و ژیانی نەتەوەیەک بە تەڕی بۆ هەمیشە لەخۆیدا هەڵبگرێت. کاتێک دەڵێت: «ئەم وشانە تەڕن، بۆیە هەرگیز ئەم شیعرە خۆش ناکاتەوە»، لێرەدا سوود لە سیمبۆلی «باران» و «گریان» وەردەگرێت. تەڕبوونی وشەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە برینەکە ئەوەندە قووڵە، بە هیچ زمانێک و بە هیچ شیعرێک سارێژ نابێت.

**ئەنجامگیری:**

ئەم دەقە، «وێڵ بوون»ی ئینسانە لە نێوان دوو جەمسەردا: ئارامیی ڕابوردوو (دایک) و کاولکاریی ئێستا (جەنگ). شاعیر پێمان دەڵێت کە نیشتمانی ڕاستەقینە باوەشی دایکە، نەک ئەو خاکەی یەکتری تێدا دەکوژین. تێدەگەین کە هەموو ئەو شتانەی بەدوایاندا ڕامانکرد، هیچیان بەقەد خەندەیەکی دایک بەها و نرخیان نییە.

دەستت نەیەشێ و خامەت وشک نەبێ، بمێنی بۆ ئاودانی ئەو ڕۆحانەی تینووی هونەری قووڵ و تێڕامان لە جوانی وشە و فیکری کوردین.

**سەرچاوەکان:**


١- سۆران مامەند عەبدوڵڵا، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، ٢٠١٦، لا١٦٧.

٢- ئەلبێر کامو، «ئەفسانەی سیزیف»، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٥.

٣- ژان پۆل سارتر، «ئێکزیستانسیالیزم»، ویکیپیدیا.

٤- ئەمیر ئەمین، دەقی «وێڵبوون»، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٣٩، ٢٠٢٦/١/٥.